# لە ئایرلاندەوە بۆ یابان ڕێگایەکی درێژ.. وانەیەکی سەخت.



ئامادەکردنی: قادر عەبدولسەمەد

مارک سواین هاوڵاتیەکی بەریتانیە لە (فۆلکستۆن - کێنت) ئەڕی، بۆ ماوەی زیاتر لە سێ هەفتە لەگەڵ کۆمپانیای نۆکیا لە(هەولێر) کاری کردووە، نوسەری کتێبی (ڕێگای درێژ.. وانەی سەخت) لە یانە کەلتوورەیەکەی کە وێستگەی چڤینی نوسەر و هونەرمەند و ڕۆشنبیرانە زیاتر یەکترمان ناسی باسی هۆکارەکانی نوسینی کتێبەکەی بۆ کردم بەڕاستی زۆر پێی سەرسام بووم، بەسەرهات و چیرۆکی نوسینی کتێبەکەی هانی دام ئەم دیمانەییەی لەگەڵدا بکەم.



مارک لە هندستان مانگی (12) ساڵی 2008

**پرسیار:** وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا بەڕێزتان نوسەری ئەو کتێبەن، ئەتوانی پێم بڵێت هۆکاری نوسینی چی بوو؟

**وەڵام:** پێش نوسینی ئەو کتێبە لە بواری هونەری نوسین و ڕۆژنامەوانیدا کارم کردبوو، ماوەیەک بەر لە دەست پێکردنی گەشتەکەم لەگەڵ کوڕەکەمدا هەندێک هاوڕێم لە نێوەندی ئەدەبدا کەسانی ناسراون، یان ئەوانەی لە بواری خوێندنەوە و کڕین و فرۆشتنی کتێبدا بە ئەزموونن پێیان ووتم پێویست ئەکات کتێبێک بنوسن دەبارەی کۆی ئەزموونی سەفەرەکەتان بەتایبەتی پەیوەندی نێوان منی(باوک و کوڕەکەم) بە ووردی لەسەر هۆکار و کاریگەریەکانی پەیوەندی نێوانمان بۆ ئەوەی ببێتە تاکە سەرچاوەی دروست بۆ بابەتی کتێبەکەم، لەگەڵ کوڕەکەمدا ڕێکەوتین هەریەک بەجیا ڕۆژ بە ڕۆژ سەرنج و تێبینیەکانی خۆمان بە نهێنی بنوسین تا کۆتایی گەشتەکەمان ئەو نوسینانە وەک بەڵگەیەی ڕاست نیشانی بدات جیاوازی بۆچوونەکانمان چۆنە لەسەر ئەو ڕووداوانەی دێنە سەر ڕێگامان، ئێمە کە دوو نەوەی جیاوازین لە گەشتێکی ڕێگایەکی دوورین بێ گومانی کاردانەوەی جیاوازمان ئەبێت بۆ کۆی کێشە و ڕووداوەکان هیوامان ئەوەیە کە ئەزموونێکی یارمەتیدەر بێت بۆ سەرجەم دایک و باوک و منداڵەکانیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان و هاندەرێک بێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانن گەشتێک یان سەرکەشییەکی وەک ئێمە بکەن.




**پرسیار: گەشتەکەتان بووە تاکە سەرچاوە و بابەتی کتێبەکەت حەز ئەکەم بزانم ماوەی نوسینەکەی چەند بوو؟**

**وەڵام: نوسین و پاکنوس کردنی ساڵێکی تەواوی خایاند، بەڵام لە گەشتەکەماندا ١٦هەزار کیلۆمەترمان بڕی ساڵێکمان پێ نەچوو.**

**پرسیار: کاردانەوەی بەڕێزتان چۆن بوو کە یەکەم جار کوڕەکەت دوای لێ کردی وەک کوڕ و باوک حەز ئەکات گەشتێک بکەن بەیەکەوە؟**

**وەڵام: یەکەم جار هەفتەیەک پێش کریسمسی ساڵی ٢٠٠٠ لە (کانتەربێری) بووین ئەو کاتە (سام)ی کوڕم تەمەنی ١٠ ساڵ بوو پرسیاری لێ کردم لە یادەکانی کریسمس و سەری ساڵدا چەند ڕۆژ لەماڵەوە ئەبم وەڵامم دایەوە نزیکەی ١٠ ڕۆژ، ووتی حەز ئەکەی گەشتێکی کورت بکەین بە پاسکیل؟ ووتم لە ئێستادا کاتەکەی گونجاو نیە لەبەر باران و سەرما بەڵام ئەو پێداگری کرد منیش دڵم نەشکاند چەند ڕۆژێک پێش کریسمس گەشتەکەمان دەستی پێکرد لە (کانتربێری بۆ فۆلکستۆن) دووری نێوانیان ٤٠ کیلۆمەتر بوو بەختمان هەبوو ئەو ڕۆژە هەتاوێکی خۆش بوو زۆر سارد نەبوو (سام) پاسکیلێکی بچووکی جۆری (بی ئێم ئێکس) پێ بوو دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە گەیشتینە (فۆلکستۆن) لە ڕێستورانێک نانمان خوارد لە دارستانێکی نزیک کەنار دەریا خێمەیەکمان هەڵدا ئەو شەوەمان لەژێر خێمەدا بەڕێکرد هەرچەندە زۆر سارد بوو سەخترین شەوی ساڵ بوو لەسەرمانا نەماتوانی بخەوین تا خۆری بەیانی بەدەرکەوت بینیمان سەرخێمەکە هەمووی زوقم بوو داوام لە (سام) کرد ئەڵێی چی تەلەفۆن بۆ دایکت بکەم بە ئۆتۆمبێل بمانباتەوە ماڵەوە ڕازی نەبوو ووتی چۆن هاتووین ئەبێ ئاواش بگەڕێینەوە ئێمە وا بڕیارمان داوە زۆر سەرسام بووم لە بڕیارەکەی پەشیمان نەبۆوە.... بۆ شەو گەڕاینەوە ماڵەوە (سام) هاتە لامەوە پێووتم:**

**سام: باوکە ئەگەر گەوورە بووم حەز ئەکەی گەشتێک بکەین بە پاسکیلی گەوورە؟**

**مارک: بەڵێ..بۆ کوێ حەز ئەکەی بچین؟**

**سام: بۆ یابان**

**مارک: هەناسەم توند بوو پێمووت ئەزانی یابان چەند دوورە؟ ١٦,٠٠٠ کیلۆمەترە**

سام: ئاساییە دووری کێشە نیە، باوکە دوای تەواو کردنی قۆناغی ئامادەیی پێش ئەوەی بچیتە زانکۆ ساڵێک پشووت ئەدەنێ کاتێکی زۆرباشە بۆ ئەو سەفەرە.


مارک و سام لە (دینگڵ-ئایرلاند) ڕۆژی دەسپێکردنی گەشتەکەیان 23-7-2008

دووبارە سەرسام بووم بە ئازایەتی و بوێریەکەی (سام) هەرچەندە تەمەنی ١٠ ساڵ بوو نازانێت دووری ١٦,٠٠٠ کیلۆمەتر چەندە بەڵام لام ڕوونە کە ناترسێت حەزی لە سەفەرێکی دوور و درێژی یەک ساڵیە بەناو جیهاندا.

لۆنای هاوسەرم تایبەتمەندە لە بواری دەروونناسی مناڵان کۆی ئەو گفتوگۆیەی نێوانی من و کوڕەکەمم بۆ باس کرد لە وەڵامدا ووتی زۆربەی باوک و کوڕەکان کێشەیەکان هەیە، ناتوانن پەیوەندیەکی تەندروستیان هەبێت، زۆربەی باوکان بەلایانەوە قورس و گرانە بەهاوبەشی کارێک لەگەڵ کوڕەکانیاندا بکەن بگرە هەر پشت گوێشی ئەخەن و ئەبێتە کاریگەری خراپ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، دوای ئەم قسانەی هاوسەرەکەم بڕیارمدا ئەبێ هەرچی لە توانامدا هەبێت بیکەم بۆ ئەوەی ئەم سەفەر سەربگرێت هەروەها ئەو گومانەشم هەبوو لەوانەیە دوای ٨ ساڵی تر (سام) حەزی ئەم سەفەرەی نەمێنێت.


مارک سواین لەگەڵ قادر سەمەد

پرسیار: بەڕێزتان لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا بوون باوکت کۆچی داویی کرد بە بێ باوکی گەوورە بوویت هەست ئەکەیت ڕوداوێکی وا کاریگەری لەسەر پەسەند کردنی گەشتەکەتان هەبوو بێت؟

وەڵام: پەیوەندیەکی ئاڵۆز و نائاسایم هەبوو لەگەڵ باوکمدا دەمەقاڵێی زۆرمان هەبوو، من سەربەکێشە بووم ئەویش زۆر غەمبار و نیگەرانی من بوو، حەزی ئەکرد من ئەو هەڵانە نەکەمەوە کە ئەو کردوویەتی منیش حەزم لەسەرکەشی و یاخیبوون بوو ئەمویست هەموو شتێک بە ڕێگای خۆم بکەم، من و باوکم لە دووژمنی یەکتر ئەچووین، بەداخەوە لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا لەناکاو بە جەڵدەی دڵ کۆچی دوایی کرد هەمیشە هەستم ئەکرد من کوشتوومە لەو کاتەوە وای ئەبینم کە ئیتر نەتوانم کاری بەجێ و دروست بکەم ئەوەی کردووە هەمووی هەڵەبووە، هاوسەرەکەم بە ئامۆژگاریە جوانەکانی پێووتم ئەتوانی هەڵەکانت ڕاست بکەیتەوە بەشێوەیەکی دروست و مۆدرێن لەگەڵ کوڕەکەمان هەڵسوکەوت بکەیت.

پرسیار: یەکەمین هەنگاوی گەشتەکەتان کەی دەستی پێ کرد و لە چ شوێنێکەوە بوو؟

وەڵام: لە ٢٣ مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٨ یەکەمین هەنگاوی گەشتەکەمان دەستی پێکرد لە شارۆچکەی (دینگڵ -Dingle) کە دەکەوێتە نیمچە دوورگەی کەناری ڕۆژئاوای ئایرلاند، (سام) ئەو شارۆچکەیەی هەڵبژارد بۆ خاڵی دەست پێک بەهەر شێوەیەک بوو ڕازی کردم هەرچەند٨٠٠ کیلۆمەتری زیادی خستە سەر ڕێگای گەشتەکەمان، زۆر جار بۆ سەفەری کورت و پشوودانی خێزانی ئەچووینە ئەو شارۆچکەیە وەک ماڵی دووەمان وا بوو بۆمان، دانیشتوانەکەی پێشوازیەکی جوان و شیاویان لێ کردین و بەگەرمی ماڵئاوایان لێ کردین لە کەناڵەکانی تەلەفیزیۆنی ئایرلانداوە ساتی دەستپێکردمان پەخشکرا.



مارک لەسەر بەرزترین چیای هندستان لە ڕۆژئاوای هیمالایە مانگی (11) 2008

پرسیار: بۆچی (سام) حەزی کرد ئەو گەشتە درێژە بە پاسکیل بکەن؟

وەڵام: لەسەر ئەو بابەتە گفتگۆی زۆرمان کرد پێشنیارم کرد بە کەرەڤان یان ماتۆر بێت لە کۆتاییدا هەردووکمان پاسکیلامان بە باش زانی بەتایبەتی (سام) حەزی نەئەکرد وەک سەرنشینێک لە تەنیشتمەوە دابنیشێ و جوڵەی نەبێت.

پرسیار: لە نێوان وڵاتانی دنیادا بۆچی یابان؟ و تۆکیۆی پایتەخت بووە دوا خاڵی کۆتایی گەشتەکەتان؟

وەڵام: لۆنای هاوسەرم لە (تۆکیۆ) ناسی ساڵی ١٩٨٤ هەردووکمان لەوێ مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووین زۆربەی کات باسی خۆشیەکانی ژیانمان ئەکرد لە (یابان) سام بەبەردەوامی گوێبیستی ئەو باسانە بوو دڵنیابوو ئەگەر ڕۆژێک دوایەکی وام لێ بکات بە پاسکیل بچین بۆ یابان بێ دوودڵی ئەڵێم بەڵێ.



مارک و سام لە ڤێتنام مانگی (2)ساڵی 2009

**پرسیار: کێشە و بەربەستی بەردەم گەشتەکەتان چی بوو؟**

**وەڵام: (سام) گەیشتە تەمەنی ١٨ ساڵ کاتی دەست پێکردنی گەشتەکەمان نزیک بوو ئەو بڕیاری دابوو ساڵێکی پشووی لەگەڵ باوکیدا بەسەر بەرێت هەرچەندە حەزی ئەکرد لەگەڵ هاوڕێکانیدا بێت چەند جارێک گفتۆگۆی دوور و درێژمان لەسەر ئەو بابەتە کرد هەستێکی وام هەبوو لەوانەیە لە بڕیارەکەی پەشیمان ببێتەوە.**

**لە وڵاتی ڕۆمانیا بە ڕێگایەکی باریک و تەسکدا ئەڕۆیشتین پۆلیس هاتە سەر ڕێگامان ئاگاداری کردین کە نابێت بەو ڕێگادا بڕۆین لەبەر تەنگەبەری ڕێگاکە کە تەنها بۆ ماشێنی بارهەڵگری گەوورە بوو، بە ناچاری بە شەمەنەفەر بۆ شارۆچکەیەکی نزیک ڕۆیشتین لە کاتی دابەزیندا سام زوو چووە خوارەوە من کەمێک دوا کەوتم شەمەنەفەرەکە جوڵا و وێستگەکەی بەجێهێشت (سام) بە تەنیا مایەوە دوای ٢ کاتژمێر وەستا پاش چاوەڕوانیەکی زۆر گەڕامەوە بۆ وێستگەکە لەوێ نەمابوو زۆری بۆ گەڕام پۆلیسی ئەو شارەم ئاگادار کردەوە دوای نیوەی شەو لە نزیک ڕووبارێک دۆزیمەوە لێم پرسی بۆچی لە وێستگەکە نەماویتەوە ووتی لە ترسی ئەو سەرخۆشانەی لەو ناوەدابوون.**

**کێشەی فیزەمان لە ئێران هەبوو..پێش گەشتەکەمان لە لەندەن لە باڵوێزخانەی ئێران بەهۆی هاوڕێیەکمەوە دوای فیزەمان کرد قبوڵیان نەکرد، کە گەیشتنە تورکیا لەو میوانخانەیەی لێ مابووینەوە باسی فیزەی ئێرانمان کرد ووتیان لێرە زۆر ئاسانە دیسانەوە دوای فیزەمان کرد دوای دوو هەفتە چاوەڕوانی فیزەکەیان پێدان زۆر دڵخۆش بووین.**



مارک و سام لە کامبۆدیا مانگی(1) ساڵی 2009

پرسیار: حەز ئەکەم بزانم خواردن و خەوتان چۆن بوو؟

وەڵام: لەدوای ئەوەی ئایرلاندمان بە جێهێشت گەیشتینە فەرەنسا بە کەنار ڕووباری (ڕاین) بەرەو ئەڵمانیا لە مانگی(ئاب) دا بووین زۆر گەرم بوو زۆربەی کات لە خێمەدا ئەماینەوە لە کاتژمێر ١٠ شەو ئەخەوتین بۆ ٧ بەیانی دوای نان خواردن لە ڕۆیشتن بەردەوام بووین تا ١٢:٣٠ نیوەڕۆ لەم کاتەدا لەگەڵ (سام) وا ڕێکەوتین کە ڕۆژانە ١٠٠کیلۆمەتر ببرین بەو مەرجەی بەیانی زوو ئامادەبین تا نیوەڕۆ، ئەگەر زۆر گەرم بوایە لەژێر دار ودرەختدا بۆ دوو کاتژمێر ئەخەوتین کە فێنک ئەبۆوە لە ڕۆیشتن بەردەوام ئەبووین تا درەنگانی شەو، لە تورکیا گەرمی ڕۆژانە ناچاری کردین لە نیوەڕۆوە تا ئێوارە بوستین تیکڕای ڕۆیشتمان کەمبۆوە بۆ ٨٥ کیلۆمەتر.

لە ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتین هەر چۆڵەوانی بوو نان و ئاومان پێ نەما بوو کەسمان نەدی تا دوای نێوەڕۆ لەو چۆڵەوانیەدا کابرایەکمان بینی بەسوار گوێدرێژێکەوە بوو هەرچۆنێک بوو تێمانگەیاند جێگایەکمان پێ بڵێ، ڕێگاکەی نیشانداین دوای چەند کاتژمێرێک گەیشتینە خاڵێکی پشکنین داوای نان و ئاومان کرد یەکێک تەلەفۆنێکی کرد دوای ماوەیەک دووکەس هاتن ئێمەیان برد لەگەڵ خۆیان گەیشتینە شوێنێک تەنها یەک خانووی گەورەی لێ بوو وابزانم خوێندگای دینی یان بەندینخانە بوو ژمارەیەکی زۆر لە کچ و ژن لەوێ ئەژیان هەموویان قورئانیان بەدەستەوە بوو یەکێک لە پیاوەکان دوای کرد نانمان بۆ بکەن نانی درێژ (بەربەری) زۆریان بۆ کردین لەگەڵ هەنگویندا بە دیاری پێشکەشیان کردین پارەیان وەرنەگرت کە پێمان ووتن بە پاسکیل ئەچین بۆ یابان هەموویان پێکەنین بەڕاستی کەسانی زۆرباش بوون سوپاسیان ئەکەین.



مارک و سام لە کەمبۆدیا مانگی (1) ساڵی 2009

پرسیار: لەماوی گەشتەکەتاندا پشووتان داوە بۆ ڕۆژێک یان هەفتەیەک؟

وەڵام: بەرنامەکەمان وا دانابوو کە لە هەفتەیەکدا٥ ڕۆژ بەردەوام بین لەگەشتەکەدا ٢ ڕۆژ پشوو بدەین لە هەفتەی یەکەمدا بۆمان دەرکەوت ٢ ڕۆژ زۆرە کردمانە ١ ڕۆژ، لە کۆتایی مانگدا لەهەر جێگایەک بووینایە ٤ ڕۆژمان ئەکرد بە پشوو، بەرنامەیەکی باش بوو تا کۆتایی گەشتەکەمان هەر بەو شێوەیە بووە.

لە کرێسمسی ساڵی ٢٠٠٨ لۆنای هاوسەر لەگەڵ کچە بچووکەکەم و هەندێک لە هاوڕێکانی (سام) هاتن بۆ لامان بۆ هندستان ئاهەنگەکانی کریسمس و سەری ساڵمان پێکەوە کرد سێ هەفتە پشوومان دا.

من لەو کەسانەم کە حەز ئەکەم بەیانیان زوو هەستم لەخەو ئامادەبم بۆ کاری ڕۆژانەم (سام) وەک زۆربەی گەنجان حەز ئەکەن درەنگ هەستن لەخەو لەسەرخۆ ئامادەبن ئەمە پێچەوانەی منە زۆر بێزاری ئەکردم هەندێک جار دەمەقاڵێ و توڕەبوونی لێ ئەکەوتەوە. پاش ماوەیەک بۆی دەرکەوت کە چەند سوودمەندە و گەلێک باشترە زوو هەستێت و کارەکانی بکات.

پرسیار: هەستت چۆن بوو کە گەیشتنە خاڵی کۆتایی گەشتەکەتان؟

وەڵام: هۆش و هەستم لای خۆم نەبوو سەیری یەکترمان ئەکرد ئەمانووت ئەوە ئێمەین توانیمان ئەو کارە بکەین بەڵام لەوە زیاتر دڵتەنگ بووین لە دوا هەفتەی کۆتاییدا هەستمان ئەکرد گەشتەکەمان تام و چێژی سەرەتای نیە، لە ڕۆژانی دوا هەفتەدا کە بەرەو (تۆکیۆ) ئەڕۆیشتین بیرمان ئەکردەوە سەیری یەکترمان ئەکرد ئەمانووت( چۆن ئەم گەشتەمان وا زوو کۆتایی هات ئیدی ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ ژیانی ئاسایی خۆمان) لە دوا خاڵی کۆتایدا هەر دووکمان بێدەنگ وەستاین باوەڕمان نەکرد ئەوە ئێمە بین ئەو گەشتە دوور و درێژەمان بە پاسکیل کردووە گەشتێکی چوار وەرزی ١٠مانگی خایاند لە ٢٣-٧-٢٠٠٨ بۆ ١٥-٥-٢٠٠٩.




پرسیار: کتێبەکەت ناوی ( ڕێگایەکی درێژ..وانەیەکی سەخت) ئێستا زانیم ڕێگا درێژەکە چیە حەز ئەکەم بزانم وانە سەختەکە چۆنە لای بەرێزتان؟

وەڵام: وانە سەختەکە زۆر قورس و گران بوو من و (سام) بەو وانە سەختەدا گووزەرمان کرد، پێویستە ئەوە قبووڵ بکەم من کەسێک بووم حەزم ئەکرد هەمووشتێک لە ژێر دەسڵاتی خۆم دابێت، بەدڵی من بێت، تەنانەت ڕاستیەکانیش بەو شێوەیە بڕوات کە من ئەمەوێت لە پێش سەفەرەکە نەمئەزانی ئەوە ئاکاری منە، هیچ کاتێک یارمەتی کوڕەکەم نەدابوو بۆ ئەوەی ئەوە ڕێگایە هەڵبژێرێت کە خۆی ئەیەوێت ئەمەش مانای ئەوەنیە کە ئەو حەز نەکات بڕیار لە دەستی خۆیدا بێت هەندێک جار توڕەیی ناخاینم ئەبینی، هەروەها لە کوڕەکەمەوە فێربووم هۆکاری پەیوەندی من و باوکم بۆ وا ناخۆش و ئاڵۆز بوو، لێرەوە فێربووم باشتر لە کوڕەکە تێبگەم زیاتریش خودی خۆم بناسم.

**پرسیار: مافی خۆته ئاسوودە و دڵخۆش بیت، شانازی بە خۆتەوە بکەیت وەک باوکێک ئەو کارە ناوازەیەی بۆ کوڕەکەی کرد؟**

**وەڵام: بەڵێ شانازی بە خۆمەوە ئەکەم بەڵام زیاتر و زۆرتر شانازی بە کوڕەکەمەوە ئەکەم بۆ ئەو دەستەکەوتە هەروەها ئەگەر ڕاستگۆتربم گەشتەکەمان یارمەتی منی دا بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی دەروونیم.**

**پرسیار: من زۆر خۆشحاڵم بەڕێزتانم ناسی هەروەها شانازیت پێوە ئەکەم بۆ کارە جوانەی بۆ کوڕەکەت کرد دەگمەنن ئەو باوکانەی کاری لەو شێوەیەی تۆ بکەن؟**

**وەڵام: منیش سوپاست ئەکەم، گەشتەکەم ڕێکخست بۆ ئەوەی (سام) سوود و ئەزموونی لێ وەرگرێت قوربانیم بە ١٠ مانگی ئیشەکەم دا لە کۆتایدا بۆم ڕوون بۆوە من زۆرترین دەستکەوتم هەبووە، لەو گەشتەدا فێربووم نابێت هەمووشتێک لە ژێر دەستی مندا بێت، فێربووم باشتر و زیاتر لە کوڕەکەم و باوکی کۆچ کردووشم تێبگەم، هەروەها فێربووم تای تەرازووی کار و ژیان بە یەکسانی ڕابگرم، پێش گەشتەکە ئیشی زۆرم ئەکرد زۆر هیلاک و ماندوو ئەبووم ئەگەر هەڵەنەبم هۆکاری مردنەکەی باوکم ئیشی زۆر و پشوودانی کەبوو...دوای گەشتەکە گەڕامەوە ماڵەوە بەڵام بەشێوازێکی جیاواز بە ئارامی و هێمنی ژیان بەسەر ئەبەم، زۆری کێشە قورس و گرانەکانم لەبیر خۆم بردەوە تەنها لە کاتی نوسینی کتێبەکەدا بیرم کەوتنەوە، هەموو کاتێک ئەڵێم کوڕەکەم ژیان و مانی منی پاراست هەروەها هاوسەرەکەشم کە ڕازی کردم بۆ گەشتەکە و توانی کار وباری ماڵەوە بەڕێوەبەرێت ئەو ماوەیەی من لە دەرەوە بووم ئێستا بە دڵنیایەوە ئەڵێم(من کەسێکی بەختیارم(**

**پرسیار: حەز ئەکەی لە ئایندەدا گەشێکی تری لەو شێوەیە بکەیت؟**

**وەڵام: بەڵێ بەدڵنیایەوە پلانیشمان بۆ داناوە چاوەڕوانم (سام) هاوسەرگیری بکات هەر کاتێک مناڵەکەی گەیشتە تەمەنی ١٨ ساڵی ئەو گەشتە دووبارە ئەکەینەوە، ئەبێتە گەشتێکی سێ نەوەی جیاوازی خێزانێک(باپیر و کوڕ و کوڕەزا) بەختەوەر ئەبم ئەگەر تەمەن نەبێتە ڕێگر و لەژیاندا بمێنم ئەو گەشتە دووبارە بکەمەوە.**

**ماڵپەڕی قادر عەبدولسەمەد**